ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# منارەی مزگەوت و ئافرەتی خۆفرۆش

ڕەوەند محمد رووف

خوێندکاری کۆلێجی پزیشکی/زانکۆی سلێمانی

بینینی کاری ناشیاو خراپ زمانی بێگۆ دەهێنێتە گۆ من تا ئێستا نەم توانیوە تەنها چەند دێڕێکی کەم لە بلآوکراوە ڕاگەیاندنەکاندا بلآوبکەمەوە، بەلآم کاتێك هەموو دەرگاکانت بەسەردا دادەخرێت تەنها دەرگایەك بتوانی بیکەیتەوە دەرگای ڕاگەیاندنە.

کاتێ مرۆڤ ناونیشانی بابەتێکی وەها دەخوێنێتەوە زۆر شتی بەبیردا دێت بەلآم ئەوەی کەس بەبیریدا نایەت ئەوەیە کەمزگەوتێك ببینین منارەکەی لەگەلْ وێنەی ئەو ئافرەتانەدا کە جلوبەرگێکی وەها لەبەردەکەن کەشیاو نیە لەگەلْ هیچ ئاینێکی ئاسمانیدا تەنها بۆ ئەوەی بڕێك پارە وەربگرن ئەم جۆرە ئافرەتانە لەشی خۆیان دەبەخشن بەچاوانێکی دوور لەدین بەپالْیەکەوەن، ئەگەر تائێستا نەت بینیوە دەفەرموو بڕۆسەیرێکی مزگەوتی"محمود"بەرامبەر ئەنجومەنی وەزیران بکە کە لەبەردەم مزگەوتەکەدا چەند ڕیزێك دوکان هەبوو وابزانم هەر سەربەزەوی مزگەوتەکە بوو بەلآم لەهاوینی پاردا دەستکرابە تازەکردنەوەی مزگەوتەکە و دروستکردنی "پرسەخانە"لەگۆڕەپانی مزگەوتەکەدا لەگەلْ ئەمەشدا لەلای دەرگاکەی کۆلآنەکەدا ڕیزێك دوکانی تریان کردەوە تا ئێرە ناڕازیمان نیە بەلآم ئەوەی جێگەی داخەدوکانی سەرسوچی مزگەوتەکە کەدووقاتە دراوە بەسوپەرمارکاتێکی فرۆشتنیجلوبەرگی ئافرەتان. بەلآم جلوبەرگی چی!جلوبەرگێ هەر بەلەبەرکردنی ئابڕوی خۆیوخێزان و وولآتی دەبات ئەم سوپەرمارکێتە جگە لەدانانی ئەو هەیکەلە ئافرەتانە بە جلوبەرگە نەشیاوەکانیانەوە هەلْساون بەدانانی چوارچێوەیەك لەسەر دوکانەکە کەدەکاتە سەربانی مزگەوتەکە بو مەبەستی پروپاگەندە لەپالْ ناوی سوپەرمارکێتەکەدا چەند وێنەیەکی ناشەرعی لەگەلْدا هاوپێچکراوە کە تەنها لەسینەماکاندا وێنەی وەها هەلْدەواسرێ ئەگەر لەسوچی سوپەر مارکێتەکەوە سەیری منارەی مزگەوتەکە بکەیت دەبینی هەردوو وێنەی ئافرەتەخۆفرۆشەکان ومنارەی مزگەوتەکە دەست لەملانی یەکن.

نازانم ئەوەندەی من ئاگادارم لە هیچ ولآتێکی عەلمانیدا کاری وەها نەکراوە بەلآم بەداخەوە ئەوە لەسلێمانیدا کرا لەکاتێکدا مەلای ئەو مزگەوتە هەردەم جەخت لەسەرئەوە دەکات کورد نەتەوەیەکی مسولْمانە بەلآم ئەم جارە دەبێت عەلمانییەت دەرس لەکورد وەربگرێت وبەم شێوەیە سوکایەتی بەدین ومزگەوتمان بکەن.

هەر ئەوەندەم لەتوانادایە لەسەر ئەم بابەتە بنووسم بە هیوای ئەوەی ئەو کەسانەی دەتوانن هەنگاوی لەمەبەرزتر بنێن بۆ چارەسەرکردنی ئەم کارەی بۆ سوکایەتی بە پیرۆزگاکانمان کراوە.

>ئەم بابەتەم بۆ گوڤارەکەتان نارد چونکە ئەوەندەی ئاگام لێیە خزمەت بە دین و نەتەوەکەتاندەکەن<